
# (هەباسی بایزی باڵواغا لەپشت پەردەی دادگاوە)




**جەماوەری کوردوستان.....**

**ڕێکخراوەمەدەنی و مرۆڤ دۆستەکان...**

**کوردەکانی دەرەوەی وولات .......**

**ئەوەی بۆ ساتێکیش سەیری میدیاکانی کوردوستانی کردبێ، حەتمەن گوێی لە بەرێز مەسعود بارزانی بووە کەدەڵێ، دەبێ یاسا سەروەر بێ، ئەگەر ئەمە ڕاستە یاسا سەروەرە، ئەگەر تائێستا یاسا هەروەک تەونی جاڵجاڵۆکەنیە، گەورە تێکی ئەداو بچووک پێوەئەبێت، ئەوا ئێمەی کەسوو کاری قوربانیانی دەستی کۆنەجاشێک دەیان سکاڵای یاساییما تۆمار کردووە لەدژی ئەم کۆنە جاشە، دەیان چاو پێکەوتنمان لەگەڵ ڕۆژنامەکان ، تەلەفزیۆن و سایتی نێتەکان کرد، دەرگا نەما سەری پیانەکەین، ئەگەر ئەم ئازادیەی ئەمرۆ و بەدەست هێنانی پەرلەمانی کوردوستان و بەحکومەت گەیشتنی ئەو بەرێزانە بەرهەمی خوێنی شەهیدانن ئەوا ئێمەی کەسووکاری شەهیدان، کەمترین مافێک کە داوای دەکەین دادگایی کۆنە سەرۆک جاشێکە کە خۆی لەپشت سەرۆکی هەرێم مەڵاس داوە، هەموو جارێک ئەمە دووبارە دەکاتەوە کەهەتا جەنابتان، نەفەرموون ئەو ئامادەی دادگا نابێ، تاکەی خوشک و دایک و باوکمان لە هەمان دەزگای شەهیدان مووچە وەربگرن، کە هەمان بکوژانی کەس و کارمان مووچەی زیاتری  لێوەردەگرن.**

**نموونەیەکی زیندووی ئەم باسەم، لە بەهاری ساڵی 1979دا دەستەیەک لە جاشەکانی عەباس بایز تەنیا نۆ پێشمەرگەیان گرت و تەسلیمی بەعسیان کرد کە هەر نۆیان لە موسڵ لەسێدارەدران، یەکێک لە جاشەکانی ئەو کە خۆی باسی ڕووداوەکەی گێڕایەوە کە چۆن ئەو نۆ پێشمەرگانەیان گرتووە. ساڵ  هات و چوو ئەم جاشەکەوتەبەر کەمینێکی پێشمەرگە و بەر سزای ئەو کاتەی گەل و شۆرش کەوت، ئێستا کەسوکاری هەمان جاشی ڕەحمەتی لەهەمان دەزگای شەهیدان مووچە وەردەگرێ و بۆ دڵنیاییشتان بە شەهیدی سەنگەر لەقەڵەم دراوە. ئەو نموونەیە دڵۆپێکە لە دەریایەک ئەگینا  سەدان نموونەی زیندووی ئاوا لە ژێر دەستایە.**

**ئەم کۆنە موستەشارە لە یاداشت نامەیەکی هەڕەشە ئامێزا کە بۆ سایتی کوردوستان نیوزی ناردبوو هەڕەشە لە ڕۆژنامەی (هەواڵ) و (چاودێر) ئەکاو نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ئاگادار ئەکاتەوە کە ئاگاداری قەڵەمە کانیان بن. ڕاستیەکەی من ناحەقیشی ناگرم، کۆنە جاشێکی دەست سوور بە خوێنی سەدان کەس لە ڕۆڵەی ئەم گەلە ستەم دیدەیە بتوانێ یەکەم نامەی سەرۆک بارزانی بۆ سەرۆک جاشەکانی تر بهێنێ یا خۆی و سەرۆکی بەرەی کوردوستانی بەیەک سەیارە داخیلی کوردوستان بوو بن گوایە ئەم زاتە سەیارەکەی بۆ لێ خوڕیووە،**

**ئیتر ئەمڕۆ لە خۆی ڕادەبینێت چاو لە خەڵکیش سور کاتەوە و ئەو هەقە بەخۆی بدات یاساکانی کوردستان بخاتە ژێر چەکمە عەسکەریەکەیەوە.**

**لێرەدا پرسیارێکی بچکۆلە پەنجە بەرز ئەکاتەوە و.. ئەپرسێ؟**

**ئاخۆ پێش ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی بەهاری 1991 بەهەموو حزبە کوردوستانیەکانی ناو بەرەی کوردوستانی کەسێکیان دەست نەکەوتبێ ئەم ئەرکە (پیرۆزە!) بەجێ بگەیەنێ نامەی سەرۆکی بەرەی کوردوستانی بگەیەنێتە سەرۆک جاشەکانی تر. سەد خۆزگە ئەو نامانە نەگەیشتنایە بۆ ئەوەی نە ئەو کۆنە سەرۆک جاشە و نە بەرەی کوردوستانی ئێستا جەماوەری ڕاپەڕیویان بەقەرزداری خۆیان دانەنابا. بەڕاست ئەو نامەیەی بەینی ئەم دوو سەرۆکە نامەیەکی تری بیر هێنامەوە، هەر چەندە نامەوێ لێرە لاپەڕەکانی شەڕی ناوخۆ هەڵبدەمەوە بەڵام ناچار بەسەر هاتی نامەیەکی ترتان بۆ ئەگێڕمەوە، بەهاری 1995 بوو لە کاتێکا پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بەپشتیوانی ڕژێمی ئێران سەرسنوورەکانی ناوچەی پشدەریان گرتبوو کاک عەباسی ناوبراویش بۆ چاو ساغی پاسدارەکان کە زمانی فارسییەکەشی باشە و خیبرەی دەیان ساڵی ئیتیلاعاتی هەیە، سەر سنووری لێمان گرتبوو، نامەیەکی کاک عەباس بەدەست یەکێک لە پیاوەکانی گیرا کە بۆ برایم ئاغای ئامۆزای و کۆنە موستەشاری سەردەمی بەعسی ناردبوو ئەوکاتە برایم ئاغا فەرماندەی فەوجێک بوو لای یەکیەتی. ناوەرۆکی نامەکە بەم جۆرە بوو، دوای سڵاو و هەواڵ پرسین کاک مەسعود بۆ کوشتنی هەر ئەندام کۆمیتەیەکی یەکیەتی مەبلەغی ..... پارە ئەدا. لەو سەرو بەندە دابوو کوڕێکیان بە ناوی ساڵحی نەجیبە شەهید کرد، بەشی دووەمی نامەکەی تایبەت بوو بەبزووتنەوەی جوتیارانەوە کە داوا لە برایم ئاغا ئەکا نەهێڵێ جوتیارانی سەنگەسەر سەر بەرز بکەنەوە بەتایبەتی ناوی بنەماڵەی ئێمەی هێنابوو، کەواتە ئەو نامە و نامە کاریە مێژوویەکی دوورو درێژی هەبووە.**

**بۆ بەشی دووەمی ئەرکە گرنگەکەی کاک عەباس بایز، کە خۆی شوفێری کاک مەسعود بووە من ئەڵێم دیارە شوفێرە کانی تری کاک مەسعود یان ئیجازە بوون یان ئاگایان لەم ڕووداوە مێژوویەی کوردوستان نەبووە.**

**مستە فای حە سە نە گە ورە**

**دانمارک** 18.03.2007

**سوپاس بۆ هاوڕێ ی ئازیزم سە ردار بۆ ئە م کاریکارتێرە جوانە**

**ماوویەتی....**